

# خانمان بەهۆی ڕێگرییەکانی کۆمەڵگەوە کەمتر ڕوو لـ

**لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە هەرێمی کوردستانیشەوە هاوکێشەی ئاستی داهات و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی زۆرینەی خەڵک یەکسان نییە، ئەمەش وایکردووە هەر دوو ڕەگەز لە کەرتەکانی حکوومی و تایبەت کاربکەن، لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانێکە ئەو تابۆیە شکاوە کە ئافرەت تەنیا بە کاری ناوماڵ سەرقاڵ بێت، ئێستا ڕێژەی ئافرەتانی خاوەن بڕوانامە و فەرمانبەر و کارمەند، ڕێژەیەکی بەرچاوەو شانبەشانی**

**نەریتی کۆمەڵگە هەزمی ئێشکگری ئافرەت ناکات**

کات لە نیوەی شەو تێپەڕیوە، ئافرەتێکی پەرستار وەك فریشتەیەکی میهرەبان بەناو نەخۆشەکاندا دەگەڕێ، سـەیری فایلەکان دەکات و بە بزەیەکەوە ڕێنمایی نەخۆشەکان دەکات بۆ ئـەوەی لەکاتی خۆیدا دەرمانەکانیـان بخۆن، بە چاوێکی ماندووی، بێخەوی، وردبین و، بە پەنجەیەکی پڕسۆز، کاری دەرزی وەشاندنی نەخۆشەکانی تەواو دەکات، کاتێك دەیەوێت، پشوویەك وەربگرێ، پەیامنێری گوڵان داوای دەرفەتی لێدەکات و ئەویش بە سینگفراوانییەوە قبوولی دەکات، خۆی بە سۆلین ناسح دەناسێنێ.
دوای ئەوە بە تەوەری ڕاپۆرتەکە ئاشنا دەکرێ، لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت «ئێمە وەك سەربازی ونین،



# ـــە پیشەیەک دەکەن کە ئێشکگری ئەوانەی تێدا بێت

پیاوان ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەریان لە باری ئابووری خێزاندا هەیە، بەڵام ژینگەی کاری ئافرەتان کێشـــەوگرفتی جۆراوجـۆری هەیە، بەتایبەتــی ئەو ئافرەتانەی کە ئێشــکگرن و ناچارن بە بەهۆی کاری پێســپێردراویان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە دەرەوەی خێزانی خۆیان بن، گوڵان لەم راپۆرتەدا ئاریشـــەکانی ئەو ئافرەتانە لەســـەر زاری خۆیان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

چو نکه شەو تا بەیان لەنـــاو قاوشـــەکانی نەخۆشـــخانەین، کەســێك نەخۆشدەکەوێت، ئێمە فریای دەکەوین، گـــوێ نادەینە بـــاری تەندروســـتی خۆمان، چونکە پیشـــەکەمان پیـــرۆزە و خۆشـــمان دەوێت».

ئەوەی ئەو ئافرەتە ماندوونەناســـەی نیگـــەران کردووە، ئەوەیە کـــە نەریتی کۆمەڵگە هەزمی ئەو «ئەرکە پیرۆزە»ی ناکات، بۆیە دەڵێت «بەداخەوە هەمیشە کە شەوێك ئێشکگر دەبم، کاتێك دەگەڕێمـــەوە ماڵەوە ڕووبەڕووی هەزار تیـــر و توانج دەبمەوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە پێی شـــەرمە ژن شـــەوان لە دەرەوەی ماڵ کاربکات، تەنانەت زۆرجار هاوسەرەکەشـــم بەهۆی منەوە تووشـــی توانج و گیروگرفت بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا من کارکەی خۆمم زۆر خۆشـــدەوێت، ئامادە نیـــم وازی لێبهێنم، لەبەر ئەوەی پیشـــەکەی ئێمە زۆر پیـــرۆزە، بەڵام بەداخەوە نە کۆمەڵگـــە و نەحکومەت ئەو ماندووبوونەمان لەبەرچاو ناگرن، هیودارم ڕۆژێك بێت لـــەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێزمان لێبگرن و حکومەتیـــش ماندووبـــوون و ئەرکـــی قورســـی کارەکەمان لەبەرچاوبگرێ».

### کەسێك پیشەکەی بە خواستی خۆی هەڵنەبژێرێ تێیدا سەرکەوتوو نابێت

نەمام ئەحمەد مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییەو لەگەڵ ئەوەی کە پیشەی مامۆستایەتی بە پیشەیەکی پیرۆز لە قەڵەم دەدات، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە بە فشاری باوك و برای ناچار کراوە ببێتە مامۆستا و حەزی لەو کارە نەبووە. نەمام جەخت لەوە دەکاتەوە کە حەزی لەپیشەی پەرستاری بووە، چۆنیەتی ڕێگرییەکانیشی بەمجۆرە دەخاتەڕوو «هەموو ئاواتـــم ئەوەبوو بچمـــە پەیمانگـــەی پزیشـــکی، چونکە لەگەڵ خولیاکانم یەکی دەگرتەوە، بەڵام باوکم و براکانم هەرکە زانییان نیازێکی وەهام هەیە، راستەوخۆ خۆیان فۆرمەکەیان بۆم پڕکردەوە، لەجیاتی پەیمانگەی پزیشـــکی، پەیمانگەی مامۆســـتایانیان نووسی، گوتیان: ئەمە ئایندەی تۆیە، چونکە مامۆستایی تاکە پیشەیە کە بۆ ئافرەت گونجاوە، نابێت ئافرەت هیچ پیشـــەیەکی جگە لە مامۆســـتای هەڵبژێرێت، هەرچەندە تکام لێکردن کە حەز بە مامۆســـتایی ناکەم، قبووڵیان نەکرد، هەر گوتیان نابێت بچیتە شوێنێك کە کارەکەی پەیوەندی بە نەخۆشخانەوە هەبێت، ئەوکات تا درەنگانی شـــەو دەبێـــت لە نەخۆشـــخانە بمێنیتەوە، ئەوەش کارێکی نەشیاوە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و خەڵك بە خراپە باسمان دەکات». نەمام جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کەسێك پیشەکەی بە خواستی خۆی هەڵنەبژێرێ و خۆشەویستی بۆ کارەکەی نەبێ، تێیدا سەرکەوتوو نابێت».

### ئافرەتانی ئێشکگر لەکاتی هاوسەرگیری مەرجی وازهێنانیان بۆ دادەنرێ

سەوســـەن حەمید، یەکێکە لەو ســـەدان ئافرەتە پرستارەی کە بە زەبری هاوســـەر وازی لە پیشـــەکەی هێنـــاوە و رووی لە وانەگوتنەوە کردووە، ئەو ئێســـتا مامۆستایە، بەڵام وەك خۆی باســـیکرد، سەرەتا پەرستار بووەو لە نەخۆشخانەکانی حکوومی کاری کردووە، دواتر بەهۆی ئەوەی هاوســـەرەکەی هەڕەشەی تەڵاقدانـــی لێکردووە، ناچار بووە واز لەپیشـــەکەی بهێنێت، با بزانین چۆن باسی ئەو بەسەرهاتەی دەکات؟

«پێش هاوســـەرگیری و سەردەمی کچ بوون و خوێندن، خەونم بەو رۆژەوە دەبینی ببمە پزیشـــك، بـــەڵام لەبەر ئەوەی نمرەی کۆلێژی پزیشـــکیم نەهێنا، ڕوومکردە پەیمانگەی پزیشـــکی، کارکەشم زۆر خۆشدەویســـت، بەڵام دوای شووکردن، مێردەکەم یەکەم مەرجی ئەوە بوو کە پیشـــەکەم بگۆڕم و ببمە مامۆستا، گوتیشی: گەر پزیشکیش بیت، نە خۆم و نە خێزانەکەم قبووڵ ناکەین یەك چرکەی شەو لە دەرەوەی ماڵ ئێشکگر بیت، بۆیە بەناچاری وازم لە پیشەکەم هێنا و بووم بە مامۆستا» .

**بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر:**

**بەشێکی زۆری ئافرەتانی نێو دەزگاکانی پۆلیس لەخێزانی رۆشنبیرن و بەخواستی کەسوکاریان ئەم پۆستەیان هەڵبژاردووە، بۆیە تەنانەت لە ڕووی ئێشکگریشەوە تووشی هیچ کێشەیەک نەبووین**

**ئافرەتێکی پەرستار:**

**ئێمە پیشەکەمان پیرۆزە و خۆشمان دەوێت وەک سەربازی ون خزمەت دەکەین کەچی نەریتی کۆمەڵگە هەزمی ئەو ئەرکە پیرۆزەمان ناکات**

ئافرەتێکی مامۆستا:

**باوکم و براکانم هەرکە زانییان نیازی پەیمانگەی پزیشکیم هەیە راستەوخۆ خۆیان فۆرمەکەیان بۆم پڕکردەوەو پەیمانگەی مامۆستایانیان نووسی**

فەرمانبەرێک:

**پیاوان بە سووکی سەیری پەرستار و پیشەکەی دەکەن و بیریش لەوە ناکەنەوە ئەگەر شەوێک خوشک و دایکیان نەخۆش بکەوێت، بەبێ ئافرەتی پەرستار چی دەکەن؟**

ئافرەتێکی ئێشکگر:

**زۆرجار هاوسەرەکەشم بەهۆی منەوە تووشی توانج و گیروگرفت بووە**

### ئافرەتانی ئێشکگر ڕووبەڕووی توانج تەشەر دەبنەوە

هێرۆ نـــاوی تـــەواوی خۆی ئاشـــکرا ناکات، بـــەڵام ئەوەش ناشـــارێتەوە کە پێشـــتر پەرستاربووە، ئەو ئێســـتا فەرمانبەرە لە وەزارەتی تەندروســـتی و هۆکاری گۆڕینی کارەکەشی بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«من کە پەرســـتار بووم، گەورەترین گرفتم ئێشـــکگری شەوانە بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر شـــەوێك درەنـــگ بگەڕێیتەوە ماڵەوە، دراوسێکان هەزار قسەت بۆ هەڵدەبەستن، بەڵام ئێستا ئەو گرفتەم نەماوە، چونکە گواســـتنەوەی ڕاژەم کرد بۆ پیشەیەکی دی کە فەرمانبەرییە، لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی لەبەر قسەوقســـەڵۆکی خەڵك بەشـــەوان دەوام بکەم، هەرچەندە پەرســـتار بە ئیشوکاری شـــەوانەی گەورەتریـــن خزمەت بە کۆمەڵگـــە دەکات، کەچی زۆرینەی تاکی کۆمەڵگەی ئێمە هەڵســـەنگاندنێکی دروست بۆ ئەو ماندووبوونەوە ناکات، بە سووکی سەیری پەرستار و پیشەکەی دەکەن و بیریش لەوە ناکەنەوە ئەگەر شـــەوێك خوشك و دایکیان نەخۆش بکەوێت، بەبێ ئافرەتی پەرستار چی دەکەن؟»‌.

### زۆربەی پیاوان پێیان شەرمە هاوسەریان بە شەو لە دەرەوەی ماڵەوە کار بکات

سەعدی عەلی ســـەرۆکی پەرستاران لە نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێری پایتەخت، ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەکانی ئافرەتان ئێشکگر زۆرن، چونکە ئافرەتانی پەرستار لە سنووری وەزارەتی تەندروســـتیدا بە شـــێوەیەکی بەردەوام وەك پیاوان ئێشـــکگرییان بۆ دادەنرێت، ئەوەشـــدەخاتەڕوو کە ئافـــرەت هەبووە لەبەر ئەوەی ئێشکگری بۆدانراوە، وازی لەکارەکەی هێناوە.

ســـەعدی زیاتر گوتی «ئێمە هەمیشـــە لە بەهۆی زەڕوورەتی کارەکەمان پێویســـتمان بە هەردوو ڕەگەزە هەیـــە و دەبێت پیاو و ئافرەتی پزیشـــك و پەرســـتار ئێشـــکگری بکەن، هەرچەندە بەو هۆیەشـــەوە تووشـــی زۆر زەحمەتی دەبین، تەنانەت ئافرەتی پەرســـتارمان هەبووە، وتوویەتی ئەگەر ئێشـــکگریم بۆ دابنێن، مێردەکەم تەڵاقم دەدات، دواتر ناچار بووە خۆی نەقڵ بکات، یان پیاو هەبووە بەزۆر هاوسەرەکەی نەقڵی دائیرەیەکی دیکە کردووە، چونکە لێرە ئێشـــکگریمان هەیە، زۆربـــەی پیاوی ئیمەش پێیان شەرمە ژنەکەیان بە شەو لە دەرەوەی ماڵەوە کار بکات»‌.

سەرۆکی پەرستاران لە نەخۆشخانەی رزگاری، نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «ســـەرەڕای کاری قورس و شـــەونخوونی و ڕووبەڕووبوونـــەوەی تیروتوانج، مووچەی پەرســـتارێك هێندەی مووچەی فەرمانبەرێك یان ماموســـتایەك نییە کە دەوامەکەی زۆر کەمترە و شـــەوانیش لەماڵی خۆیەتی»، گوتیشی «ئەمە گرفتـــی گەورەی ئێمەیە، بێجگە لەوەی کە دەرماڵەشـــمان زۆر کەمە، ئافرەتێك شـــەو نەگەڕێتەوە ماڵـــەوەو هەتا بەیانی لەناو قاوشـــەکانی نەخۆشـــخانە بێت، لەگەڵ ئەو هەموو نەخۆشەشدا مامەڵە دەکات، کە هەریەکەو نەخۆشییەکیان هەیە، ئەو پەرستارە کە نزیکەی ١٥تا ١٦ کاتژمێر لەناو ئەو نەخۆشانە دەبێت، ژیانی خۆی دەخاتە مەترســـییەوە، بەڵام دەرماڵەی مەترســـی زۆر لە دەرماڵەی مەترسی پزیشکەکان کەمترە»‌.

سەعدی عەلی ئەوەشی خستەڕوو کە زۆر جار ئافرەتی پەرستار هەبـــووە لەگەڵ کەســـووکاری خۆی بەهۆی ئـــەوەی دەوامی شەوانی هەبووە، تووشی کێشـــە بووە، یان ئەو شەوە کە دەوامی بۆ دانراوە، نەیتوانیوە بێت، ئێمە گەرچی هەر زوو لەم کاتەشـــدا بەدیلمان هەیەو راســـتەوخۆ ناهێڵین ئەو قاوشەی نەخۆشەکان بێ پەرستار بێت، بەڵام ئەوەش کێشەیە و نابێت وا بە سووکی سەیری ئەو پیشە پیرۆزە بکرێ، چونکە هەر خوشك و دایك و هاوسەری ئەو پیاوانە کە ڕێگری لە کاری ئافرەتی پەڕستار دەکەن، نەخۆش دەکەون بە نەبوونی ئافرەتی پزیشك و پرستاری ئافرەت تێکدەچن و بەهیچ شـــێوەیەك ئامادە نابن پەرســـتاری پیاو چارەســـەری نەخۆشەکەیان بکات، ئەمە شوێنی پرسیاری کۆمەڵگەیەو دەبێت هاوڵاتیان درك بەوە بکەن کە پێویستە ئافرەتی پەرستاریش هەبێت نەك تەنیا پیاو خەفەر بێت»‌ .

گەرچی لە وڵاتانـــی کراوەدا فەرمانبەر و کاری ئێشـــکگری تایبـــەت بە ڕەگەزێك نییە، تەنانەت ڕێزی زیاتر دەگرن لە کاری ئێشـــکگری و شەونخوونی پەرســـتار، پۆلیس، خزمەتگوزارانی هەتیمخانـــەو خانـــەی ســـاڵمەندان کرێکاران و پاســـەوانەکانی ناوکارەگـــەکان و ...هتد، بەڵام بەپێچەوانە لە وڵاتانی داخراوی نەریتیدا بە هۆکاری جیاواز بەســـووکی لەو ئەرك و ماندووبوونە دەڕوانن، تەنانەت ئافرەتانیش بە هۆی ڕێگرییەکانی کۆمەڵگەوە کەمتر ڕوو لەو سلك و پیشە پڕئەرك و پیرۆزانە دەکەن.

لە کوردســـتان تا چەند ســـاڵێك لەمەوبەر، بە زۆرینەی تاکی کۆمەڵگـــە بە چاوێکی نامۆ ســـەیری ئافرەتانی فەرمانبەریان دەکرد، تەنانەت بە دەگمەن ئافرەتێك خۆی لە قەرەی شـــۆفێری و لێخۆڕینی ئۆتۆمبیل دەدا، بەڵام لە ئێســـتادا جێی دڵخۆشی هاوڵاتییانـــە کە ئافرەتان لە پلەی جۆراوجۆری ســـەربازی و لە پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆشدا دەردەکەون.

### کۆمەڵگەی کوردی چەند ساڵێکە هەنگاوی ئەرێنیتری بەرامبەر بە ئافرەت هەڵگرتووە

رائیـــد کاروان عەبدولکەریم بەڕێوبەری راگەیاندنی پۆلیســـی هەولێر، ســـەبارەت بە هەمان پرس بۆ گـــوڵان گوتی «ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچـــاو لە ئافرەتان وەك پیاوان لەســـلکی پۆلیس کاردەکەن، ئەو ئافرەتانەی کە ئەفسەرن وەك پیاوەکان ئێشکدەگرن، هەتا ئێســـتاش هیچ ئافرەتێکیشیان ڕووبەڕووی کێشە نەبۆتەوەو بگرە زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکەیان ئەنجام دەدەن»‌.

رائید کاروان ئەوەشی خســـتەڕوو کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەرێمی کوردســـتان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایـــەو گوتی «جاران دوای بانگی ئێـــوارە ئافرەتت تەنانەت لە بازاڕیـــش نەدەبینی، بەڵام ئەمـــڕۆ بەشـــێوەیەکی بەرچاو ئافرەتان هەتا درەنگی شـــەو لە دەرەوە دەبیندرێن، زۆرجار دەبینیـــن کە کاتژمێر یانزە و دوانزەی شـــەو ئافرەت لەگەڵ منداڵەکانی خەریکی ئایســـکریم کڕین و شەربەت خواردنن، یان دەبینین ئافرەت بە درەنگانی شەو بە تەنیا ئۆتۆمبێل لێدەخوڕێ، واتا کۆمەڵگەی ئێمە لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەوە کراوەتر بووەو گۆڕانی باشـــی بەسەردا هاتووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئافرەتان زیاتر هەســـت بەئـــازادی دەکەن، ئەمەش نیشانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی کوردی چەند ساڵێکە هەنگاوی ئەرێنیتری بەرامبەر بە ئافرەت هەڵگرتووە

بێجگـــە لەوەی بەشـــێکی زۆر لەو ئافرەتانـــەی هاتوونەتە نێو دەزگاکانی پۆلیسەوە، لەخێزانی ڕۆشنبیرن و ئاستی تێگەیشتنیان بەرزەو بەخواستی کەسووکارییان هاتوون ئەم پۆستەیان هەڵبژاردووە، بۆیە ئێمە تەنانەت لە ڕووی ئێشـــکگری ئافرەتانی پۆلیســـەوە تووشی هیچ کێشەیەك نەبووین»‌.

# خوێندنی زۆرەملێ تا چەند منداڵ لە کارکردن دوور دەخاتەوە؟

ئـــەو دایک و باوکانە ژمارەیان کـــەم نییە کە منداڵی خۆیان لە خوێنـــدن بێبەش دەکەن، بۆیە ژمارەی ئەو منداڵانەش کەم نییە کە هەر لە هەرەتی منداڵییەوە تووشی کاری سەر شەقام و ناو کارگـــەکان دەبن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیەش بەیاســـاکردنی خوێندن یان خوێندنی زۆرەملێ یەکێکە لەو پرەنســـیپانەی کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان پەیـــڕەو دەکرێت. کۆمەڵناس و پســـپۆڕانی کۆمەڵایەتیش جەخت لـــەوە دەکەنەوە کە خوێندنی زۆرەملێ و بە یاساکردنی قەدەغەکردنی کاری منداڵ، گەرەنتی ئەوە دەکات کە لانیکەم تا کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی منداڵ لە هەر جۆرە کارکردنێک دوور بخرێتەوە.



**د.سەروەر عەبدولڕەحمان:**

**لە هەرێمی کوردستان یاسای خوێندنی زۆرەملێ هەیەو سزاشی بۆ ئەو باوک و دایکە داناوە کە منداڵەکانیان لەخوێندن دەردەهێنن**

### لەڕووی یاساییەوە خوێندن زۆرەملێیە

سەرەتا پەرلەمانتار دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە خوێندن زۆرەملێیەو یاسا تاك ناچاردەكات كە خوێندن بەتایبەتی هەتا قۆناغی شەشەمی بێنەڕەتی تەواو بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدا دروست دەبێت، کە ئەو یاسایە وەك پێویست کاری پێناکرێت، واتا ئەگەر باوکێك، یان دایکێك منداڵەکەیان لەخوێندن دەربهێنن، ئەوا یاسا سزایان نادات. وتیشی «ڕاستە یاساکە هەیەو سزاشی بۆ ئەو باوك و دایکە داناوە کە منداڵەکانیان لەخوێندن دەردەهێنن، بەڵام هەتا ئێستا نەمانبینیوە باوکێك یان دایکێك سزا بدرێن لەبەر ئەوەی منداڵیان لەقوتابخانە دەرهێناوە، کێشەکەش لەوەوە دەستپێدەکات کە لەم هەرێمەی ئێمەدا هەندێك یاسا جێبەجێناکرێت، ئەگەر جێبەجێ بکرێت ئافرەتان زۆر سوودمەند دەبن، چونکە عەقڵییەتی عەشایەری زۆرجار ڕێگری لەخوێندنی ئافرەت دەكات».

دکتۆر سەروەر جەختی لەوەش کردەوە کە هەتا ئێستا ڕێکخراوەکانیش هیچ پرۆژەیەکیان بۆ بەئیلزامی کردنی خوێندن پێشکەش بە لیژنەی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان نەکردووە، سۆز و خۆشەویستی دایك و باوکی پەروەدە بکرێت، بەڵام کاتێك باس لە سیستمی پەروەدەکردنی منداڵ لە قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندگە دەکرێ، ئیتر بەشێکی زۆری پەروەردە لە دەستی دایك و باوك دەردەچێت و دەوڵەت لێی بەرپرسیار دەبێت. بەلام ئەوەی گرنگە ئایا چ سیستەمێکی دەوڵەتی لەو تەمەنە ناسکە پڕ لە ئامادەبوونەدا بۆ فێربون و وەرگرتنی ڕێنمایی پەرەوەدەی منداڵ ئەکات؟». گوتیشی «ڤیلهێلم فۆن هومبۆلدت، (١٧٦٧-١٨٣٥) یەکێك لە پێشڕەوەکانی ریفۆرمی فێربوون و خوێندن لە ئەڵمانیا بووە، ئەو گومانی زۆری هەبووە بەرامبەر بە دەوڵەت، وەك پێداگۆگ بەخێوکەر بۆ پەروەدەی منداڵ، بە بۆچوونی هومبۆلدت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دایك و باوك، پەروەدەکردنی مناڵەکانیان بە کوێرانە بخەنە ئەستۆی دەوڵەت و بۆ ئەم بڕیارەش نرخێکی فرە بەرز بدەن و درکی پێ نەکەن، بۆیە لە جیاتی ئەوەی ئەم منداڵانە ببنە کەسانێکی ئازاد و تێگەیشتوو، دەبنە ژێردەستەی دەوڵەت و سیستمێکی نەخشەبۆکێشراو»، سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی خوێندنی زۆرەملێ و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیەش گوتی «هۆی هاتنەکایەی خوێندنی ئیلزامی ئەوە بوو، ئەو خێزانانەی کە دور بوون لە خوێندن و فێربوون و رۆشنبیری، منداڵەکانیان هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە دەخستە بەر کاری قورسی وەك جوتیاری (پێداگۆگ لادینتن) ئەم رەفتارەی دایك





**ئاراس نوری:**

**کاتێک باسی سیستمی پەروەدەی منداڵ لە قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندنگە دەکرێ، بەشێکی زۆری پەروەردە لە دەستی دایک و باوک دەردەچێت و دەوڵەت لێی بەرپرسیار دەبێت**

تەنیا ساڵی رابردوو لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا، کاتێك حکومەت پلانە ستراتیژییەکەی خۆی لەمەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا ڕاگەیاند، ئەوکات چەند لیژنەیەك لەچەند وەزارەتێکەوە پێکهات، گوتیشی «ئێمە وەك لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان کەوتینە وتووێژ لەگەڵ گشت لایەك، ئەوەبوو گفتوگۆکانمان لەسێ خاڵدا کۆبووە، یەکەمیان توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بوو، دووەمیان قیادەی ژن لەبواری پەروەردەدا، سێیەمیان مەسەلەی خوێندن و پرۆگرامەکان بوو، چوارەمیشیان راگرتنی باڵانس بوو. باسی ئەوەشمان کرد کە چۆن یاسای بەئیلزامی کردنی خوێندن کاری لەسەر بکرێت، چونکە بەپێی یاسا ئیلزامە، بەڵام هەتا ئیستا کاری لەسەر نەکراوە، ئەوەبوو ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە ۆرکشۆپێکمان کرد و بەدرێژی باسی زیندووکردنەوەی ئەو یاسایەمان کرد، وەزارەتی پەروەردە ئەم کارەی کرد، ئێمەش وەك لیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان لەکۆبوونەوەکان بەشداربووین، هەمووبمان جەختمان لەوە دەکردەوە کە پیویستە ئەم یاسایە بە وردی جێبەجێ بکرێ و هەر کەمووکورییەکی لەپەرلەمان هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی سەرجەم خیزانەکان ناچاربکرێن بە منداڵەکانیان بخوێنن».

### ژینگەی کار بۆ منداڵ ژینگەیەکی شیاو و تەندروست نییە

ئاراس نوری ئەحمەد تەها چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یەکەم مافی منداڵ ئەوەیە، لە ژێر چاودێری و بە و باوك دەبووە هۆی ئازار و نەخۆشی زۆر بۆ منداڵ. بۆیە دەوڵەت بۆی هەبووە، ئەم هەنگاوە بنێت، کاتێك کە دایك و باوك ئازاربەخش بوون بۆ منداڵەکانیان، خوێندنی ئیلزامی بسەپێنێ و مەبەست لەوەش ئەوە بووە منداڵ لە دەستی دایك و باوکی نەفام بپارێزێ. شتێك هەیە پێویستە هەمووبمان بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەم جۆرە سیستمە واتا خوێندنی ئیلزامی، ڕێگەو شوێنی خۆی بۆ دابین بکرێت، بێگومان هەنگاوێکی ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئامادەکاری نەکرێت بۆ ئەم سیستمە، مناڵ تووشی جۆرەها کێشەی دەرونی پسیکۆسۆسیال دەبێت، بە بۆچوونی من و بەهۆی تایبەتمەندی بواری سیاسی کوردستانەوە، باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی پێشێلکردنی مافی مناڵ، بۆ خوێندن و فێربون و رۆشنبیری بە شێوازێکی یەکسان، ئەوەیە، کە لە کوردستان، خوێندگا هەتا پاش نیوەڕۆ بێت و سیستمی ئاگاداری تەواو هەبێت بۆ خوێندن و پەروەردەو جێبەجێکردنی کاری رۆژانەی خوێندن. جگە لەوە، بەرنامەی هونەری و وەرزشی و ژینگەپاراستن هەبێت، ئەمە ئەبێتە هۆی دۆزینەوەی منداڵی بلیمەت و یارمەتیدانی منداڵی لاواز لە خوێندندا و پەروەردە کردنی نەوەیەکی خاوەن کەسایەتی لێدەکەوێتەوە، بێگومان خوێندنی زۆرەملێ تا رادەیەکی بەرچاویش ڕێگری لە کارکردنی منداڵ دەکات، چونکە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە نەخوێندەوارن، یان واز لە خوێندن دەهێنن، دەکەونە ناو کار و ژینگەی کاریش بۆ منداڵ ژینگەیەکی شیاو و تەندروست نییە».

بەشێك لەمنداڵان بەهۆی دووركەوتنەوەیان لەخوێندن ڕوودەكەنە شەقامەكان و تووشی كاری نەشیاو دەبن

كەژاڵ قاسم توێژەری كۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەكات كە خوێندنی زۆرەملێ كێشەی بەشێكی زۆر لە منداڵان چارەسەر دەكات و دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی منداڵانی سەرشەقام. چونكە «بەشێكی زۆر لە منداڵان بەهۆی دووركەوتنەوەیان لە خوێندن ڕوودەكەنە شەقامەكان و تووشی كاری نەشیاو دبن، بۆیە بە گرنگیدان بە خوێندنی بنەڕەتی و فەراهەمكردنی خوێندنی زۆرەملێ بەشێكی زۆری ئەم كێشەیە چارەسەر دەبێت». گوتیشی «بەشێكی زۆری منداڵان ئەوەندەی وەك نەریت كاردەكەن، نیو ئەوەندە پێویستییان بە پارەی كاركردن نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر بتوانرێت سیستەمی خوێندنی بكرێتە زۆرەملێ ئەوكات بەشێكی زۆر لەمنداڵان لەشەقامەكان دووركەونەوە، توێژینەوەكانیش ئەوەیان سەلماندووە، كە بەشێكی هەرە زۆری ئەو منداڵانەی كاردەكەن، هەژار نین و بەڵكوو بەهۆی وازهێنانیان لە خوێندن پەنا بۆ كاركردن دەبەن».

ئەو توێژەرە لەدیوێكی دیكەی قسەكانیدا هێما بۆ ئەوە دەكات كە خوێندنی منداڵیش زۆرجار نابێتە ڕێگر لەوەی كاربكات، نموونەی بەوەش هێناوە كە «لە كۆبا خوێندنی بنەڕەتی زۆرەملێیە، بەڵام بەشێكی زۆریان كاریش دەكەن، لە كوردستانیش زۆرێك لە منداڵان جگە لەوەی



سەرقاڵی خوێندنن، كاریش دەكەن، بۆیە بەگشتی پێویستە پێش هەموو شتێك كاری منداڵان بە یاسایەكی تۆكمە قەدەغە بكرێت».

كەژاڵ قاسم، هۆكارێكی دیكەی كاركردنی منداڵان بۆ خراپی باری ئابووری خێزان دەگێڕێتەوە و دەڵێت «ئەگەر خێزانێك وەك پێویست باری ئابوورییان باش نەبێت، ئەوا ناچار دەبن منداڵی خۆیان بخەنە بەر كاركردن، بۆیە پێویستە حكومەت لەو بوارەدا پلانێكی وردبینانەی هەبێت، بۆ ئەوەی لانیكەم داهاتی ئەو منداڵەی كار دەكات، بەراورد بكرێ و بەرامبەر بەوەی لە خوێندن دانەبڕێ، بە خێزانەكەی بدرێ». جەختی لەوەش كردەوە كە «پێویستە هەموو لایەك هەوڵی ئەوە بدات كە ئاستی ڕۆشنبیری و وشیاری دایك و باوكان بەرامبەر بە منداڵ و بەرپرسیاریەتییان لە پەروەردەی منداڵ بەرز بكرێتەوە، چونكە تەنیا دابینكردنی پارە چارەسەری كێشەكە نییە»، نموونەشی بەوە هێناوە كە لەساڵی ٢٠٠٧ هەتا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و بەهاوكاری ڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان هەڵمەتێكی فراوانیان دەسپێكرد، بۆ گەڕانەوەی ئەو منداڵانەی كە لەسەر شەقامەكان بوون بۆ قوتابخانە، ئەوە بوو چەندین منداڵ كە لە شوێنە جۆراوجۆرەكاندا كاریان دەكرد، ناردیانەوە بۆ قوتابخانە و مووچەیەكی باشیان بۆ ئەو منداڵانە بڕییەوە، بەجۆرێك ئەوكات ئەو پارەیە كە دەدرایە ئەو منداڵە بەشی دابینكردنی زۆربەی پێداویستییەكانی دەكرد، بەڵام ئایا ئەو منداڵانە وەك منداڵانی دی لەقوتابخانە سەركەوتوو بوون؟ بێگومان نەخێر...چونكە ئەو منداڵانە لە خانەوادەی ناڕۆشنبیر بوون و نەیانتوانی گرنگی بە خوێندن بدەن، بۆیە هەر دوای ماوەیەك زۆربەیان گەڕانەوە بۆكاركردن و قوتابخانەیان بەجێهێشت».

## زۆرن ئەو منداڵانەی دەخوێنن و كاریش دەكەن

سەیران سەڵاح سەرۆكی ڕێكخراوی ئەستێرەی منداڵان، خوێندنی زۆرەملێ بە «كارێكی زۆر باش» وەسف دەكات و هاوكات دەڵێت «ئەگەر بمانەوێت بیر لەوە بكەینەوە كە منداڵان كارنەكەن، پێویستمان بە كۆمەڵە پرەنسیپێكە، چونكە بە تەنیا خوێندنی ئیلزامی نابێتە ڕێگر لە بەردەم كاركردنی منداڵان، زۆرن ئەو منداڵانەی دەخوێنن و كاریش دەكەن، بۆیە زۆر گرنگە سیستەمێكمان هەبێت كە هەموو پێداویستییەكانی قوتابخانەی ئەو منداڵانەی بەركار خراون، دابین بكات. هەر لە پێداویستییە مادییەكان تادەگاتە پێداویستییە مەعنەوی و ڕۆحییەكان».

سەیران سەڵاح پێشنیاری ئەوەشی كرد كە «خواردن لەكاتی خوێندن دابین بكرێت كە تا ئێستا بیری لێنەكراوە، چونكە منداڵ ئەگەر هەست بەوە بكات، خواردنێكی باشی لە قوتابخانە هەیە، زیاتر هۆگری خوێندنەكەی دەبێت، دیارە منداڵ برسی بێت، ئارەزووی لەسەر خوێندن



نامێنێت و توانای نابێت وەك كەسێكی كارا ئەركەكانی ئەنجام بدات». گوتیشی «پێویستە منداڵ هەموو شتێكی بۆ دابین بكرێت، بۆ ئەوەی روو لە شەقام نەكات، زۆریش پێوسیتە كار لەسەر بەهێزكردنی تواناكانی خوشەویستكردنی قوتابخانە لە لای منداڵ بكەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر منداڵ قوتابخانەی خۆشویست هەرگیز دەستبەرداری نابێت».

## پێویستە دایك و باوكان وشیار بكرێنەوە

ئازدار محەممەد سەعید تەمەنی ١٨ ساڵە و قوتابی قۆناغی ئامادەییەو بە پێویستی دەزانێت، پێش ئەوەی خوێندنی زۆرەملێ ببێتە یاسا، پلان و بەرنامەیەكی باش بۆ گونجاندنی منداڵان لەگەڵ قوتابخانە دابنرێ، گوتیشی «لەزۆرێك لە كۆمەڵگەكاندا بەرنامە و ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ بەدەمەوەچوونی پرسەكانی منداڵ هەیە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەرێمی كوردستانیشەوە ئەوەی حسابی بۆ ناكرێت ئایندەی منداڵانە، لەقوناغی خوێندنیشدا هیچ جۆرە بنەمایەكی گرنگیان بۆ دانەنراوە، بۆ ئەوەی خۆشەویستییەك بۆ قوتابخانە لەلای قوتابی دروست بكەن». لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قوتابییە جەخت لەوە دەكاتەوە كە «بۆ ڕێگری لە هاوسەرگیری لە پێش تەمەنی یاسایی پێویستە جگە لەوەی دایك و باوكان وشیار بكرێنەوە، كوڕان و كچانیش لە مەترسییەكانی ئەو هاوسەرگیرییە ئاگادار بكەنەوەو تەنانەت قەدەغەشی بكەن، هاوكات بە یاسا ڕێگری لێ بكرێ و خوێندن تا قۆناغی ئامادەیی بە زۆرەملێ بێت».

**سەیران سەڵاح:**

**زۆرن ئەو منداڵانەی دەخوێنن و كاریش دەكەن بۆیە بە تەنیا خوێندنی ئیلزامی ڕێگری لە كاركردنی منداڵان ناكات و پرەنسیپی دیكەشی پێویستە**

**ئازدار محەممەد:**

**پێویستە بە پێی یاسا خوێندن تا قۆناغی ئامادەیی بە زۆرەملێ بێت هاوسەرگیریش لەو قۆناغەدا قەدەغە بكرێت**